وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم چەند هێڵکی دامەزراندنی ڕاگەیاند

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هێڵی دامەزراندن بە شێوەی گرێبەست لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی کشتوکاڵ، سەرچاوەکانی ئاو، ڤێترنێری و داراستان و پاوانی ڕاپێین ڕادەگەیەنێت.

ئەمڕۆ پێنجشەممە (14ـی کانوونی یەکەمی 2023) وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە میانەی ڕاگەیەندراوەکدا ئاماژەی بۆدا، هێڵی دامەزراندن بە شێوەی گرێبەست لە (بەڕێوەبەراتی گشتی کشتوکاڵی ڕاپێین، بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوەکانی ئاوی ڕاپێین، بەڕێوەبەرایەتی ڤێترنێری ڕاپێین و بەڕێوەبەرایەتی داراستان و پاوانی ڕاپێین) ڕادەگەیەنێت، هەروەها دانیشتووانی ناوچەکە دەتوانن لە ڕێگەی ئەم لینکەوە فۆمی دامەزراندن پێشکێش بکەن.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بۆشدارو، هاووڵاتیان دەتوانن بە پێکردنەوەی زانیارییەکانی ئەم فۆمە بە ڕاستی و دروستی هێڵی دامەزراند بە شێوەی گرێبەست لە بەڕێوەبەرایەتییە ئاماژەپێکراوەکان بەدەستبهێنن، بەڵام لە ئێگەری تۆمارکردنی زانیاری هەڵە لە فۆمەکە هێڵی دامەزراندنەکە ڕەتدەکرێتەوە، هاوکات لینکی ناو تۆمار کردن تاوەکو کاتژمێر 22ـی یەکشەممە 17/12/2023 کراوە دەبێت.

تێبینی:

1. ئەم فۆرمە تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە کە پسپۆڕی و ئاستی بەوانامەکانیان لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە.

2. مەرجە ئەو کەسەی فۆرمەکە پڕدەکاتەوە دانیشتووی سنووری ئیدارەی سەربەخۆی راپەڕین بێت (قەزای رانیە، قەزای پشدەر، و سەرجەم ناحیەکانیان)

3. سەرجەم زانیارییەکان دەبێت بە زمانی کوردی تۆمار بکرێت.

4. پاش وردبینی کردن بە فۆرمەکان، دەرکەوت بە هۆی هەر بۆگەیەکی فۆرمەکە پێکرابێتەوە فۆرمەکە پوچەڵ دەکرێتەوە.

5. هاووڵاتییان دەتوانن تەنیا یەك جار هەوڵی پێکردنەوەی فۆرمەکە بدەن، لە ئۆگەری دووبارە پێکردنەوەی فۆرمەکەدا، فۆرمەکەت پوچەڵ دەکرێتەوە.

6. مەرجە ئەو کەسەی فۆرمەکە پڕدەکاتەوە خاوەن ڕۆگەزنامەی عێراقی بێت.

7. ئەو کەسەی فۆرمەکە پڕدەکاتەوە بە چ بەوانامەیەك پێشکێشی بکات دەبێت ساڵی دەرچوونی ئەو بەوانامەیە بنووسێت.

8. بە هەر خەزانێك یەك کەس دەتوانێت سوودمەند بێت لە دامەزراندن.

9. خوازیار دامەزراو نەبێت و هیچ مووچەیەکی دامودەزگا حکومییەکانی نەبێت

10. ئەو کەسەی فۆرمەکە پڕدەکاتەوە نابێت قوتابی بێت.

پسپۆریە داواکراوەکان بریتین لە:

- پزیشکی ڤێترنەری/ بەکالۆریۆس (5) ساڵی : 14 کەس
- تەکنیکی کارەبا/ دبلۆم : 1 کەس
- جیۆگرافی/ ماستەر : 1 کەس
- زانستی جیۆلۆجی/ بەکالۆریۆس : 1 کەس
- رووپێوی/ دبلۆم : 5 کەس
- ژمێریاری/ بەکالۆریۆس : 10 کەس
- ژمێریاری/ دبلۆم : 4 کەس
- کارگێڕی/ دبلۆم : 2 کەس
- کارگێڕی/ بەکالۆریۆس : 6 کەس
- کشتوکاڵ - باخداری/ بەکالۆریۆس : 4 کەس
- کشتوکاڵ - بەروبوومی کێڵگەیی : 2 کەس
- کشتوکاڵ - پاراستنی رووەک : 2 کەس
- کشتوکاڵ - پیشەسازی خۆراک : 1 کەس
- کشتوکاڵ - خاک و ئاو : 1 کەس

- کشتوکاڵ - دارستان : 2 کەس

- کشتوکاڵ - سامانی ئاژەڵ : 1 کەس

- کۆمپیوتەر/ دبلۆم : 6 کەس

- یاریدەدەری پزیشکی ڤێتەرنەری/ دبلۆم: 7 کەس

- یاسا/ بەکالۆریۆس : 8 کەس

- ئامادەیی پیشەیی/ ئامادەیی : 1 کەس

- ئامار/ بەکالۆریۆس : 1 کەس

- ئامار/ دبلۆم : 2 کەس

- ئەندازیاری IT/ بەکالۆریۆس : 2 کەس

- ئەندازیاری تەلارسازی/ بەکالۆریۆس : 1 کەس

- ئەندازیاری رووپێوان/ بەکالۆریۆس: 3 کەس

- ئەندازیاری سەرچاوەکانی ئاو/ ماستەر : 2 کەس

- ئەندازیاری سەرچاوەکانی ئاو/ بەکالۆریۆس : 2 کەس

- ئەندازیاری شارستانی/ بەکالۆریۆس : 1 کەس

- ئەندازیاری کارەبا/ بەکالۆریۆس : 1 کەس

- ئەندازیاری میکانیک/ بەکالۆریۆس: 2 کەس

پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن بریتین لەمانەی خوارەوە:

- نمرەی دەرچوون

- ئەزموون

- ساڵی دەرچوون

- زانینی زمانی تر

- لێهاتوویی لە پسپۆریەکەت

- کەس و کاری شەهید (پلە یەک)

- شوێنی نیشتەجێبوون

- کاری خێبەخشی لە یەکێک لە بەرەوبەرایەتییەکانی سەرەوە

- شارەزایی لە بەرنامەکانی کۆمپیوتەر تایبەت بە پسپۆریەکە

- باری خێزانی (خێزاندار یان سەت)

لینکی فۆمی دامەزراندن